# مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کات لە زمانی کوردی وزمانی تورکیدا

**بەناز یاسین محمدامین، سەباح ڕەشید قادر**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، عێراق

**پوختە**

کاتێک هەر توێژینەوەیەک هەوڵێک بێت بۆ شیکردنەوەیەک لە نێوان دوو دیاردەی زمانی لە نێوان دوو زماندا ، دەبێت پاساوێکت هەبێت بۆ ئەو بەرامبەرکردنە ، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کات لە زمانی کوردی وزمانی تورکیدا)یە ، شیکردنەوەیەکە لە مۆڕفیمە دەمکاتەکانی نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکی ، ئەوەش بەهۆی ئەوەی زمانی تورکی لە پۆلی زمانە نوساوەکانە ، زمانی کوردیش لە پۆلی زمانە تێکچرژاوەکانە کە لە نێوان پۆلی زمانە دابڕاو و نوساوەکاندایە ، هەرچەندە زمانی کوردی وەکو زمانی تورکی بەشێکی دەچێتە چێوەی زمانە نوساوەکانەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لە زمانی تورکی ، بە لایەنی کەم زمانی تورکی بۆ گەیاندنی مەبەستە ڕێزمانیەکانی تەنیا پەنا دەباتە بەرپاشگرەکان ، کەچی زمانی کوردی پەنا دەباتە بەر پاشگر و پێشگرەکان بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە ، لە بەر ئەوەیە خاڵی لێکچوون و جیاوازییان لە نێوانیاندا دەبێت ، بە تایبەتی لە ڕەفتارە سینتاکسیەکانی دەمکاتەکانی کار لە نێوان ئەو دوو زمانەدا ، هەرچەندە هەندێ دەمکات لە زمانی تورکیدا هەیە بە هەمان فۆرم و چێوەڕێژ لە زمانی کوردیدا بەدی ناکرێت.

**کلیلەی وشەکان:** زمانی کوردی، زمانی تورکی، مۆڕفیمەکانی کات، کاتی ڕابردوو، کاتی ڕانەبردوو.

## 1. پێشەکی

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کات لە زمانی کوردی وزمانی تورکی) دا، سنوری ئەو توێژینەوەیە دەکەوێتە ئاستی مۆرفۆلۆجی وڕستەسازی زمانی کوردی وزمانی تورکییەوە، سروشتی شیکردنەوە ولێکدانەوەکان وا دەخوازێت پێوەرێکی بەراوردکردن دەستەبەر بکرێت. ئەوەی کە هۆکارە بۆ بەراوردکردن ئەوەیە کەوا زمانی تورکی لە زمانە نوساوەکانە، زمانی کوردیش زمانێکی تێکچرژاوە (واتە لە نێوان نوساو ودابڕاو) دایە، بۆیە هەندێ خاڵی هاوبەش لە ڕەفتارە ڕستەسازییەکان کۆیان دەکاتەوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا دەستنیشانکردنی ئەو سیمای لێکچوون وجیاوازییانەی لە نێوان زمانە نوساو وتێکچرژاوەکاندا هەیە بە گشتی و لە نێوان زمانی کوردی و تورکی بە تایبەتی، پێداگیریش لە سەر مۆرفیمەکانی دەمکاتەکان دەبێت، کە تیایدا فۆرمی کارەکان هەندێ سیمای ڕێزمانی دەسەپێنن.

پرسیاری توێژینەوەکە: بەشێکی زمانی کوردی دەکەوێتە چێوەی زمانە نوساوەکانەوە، ئایا بەشەکەی تری کە دابڕاوە چۆن پڕ دەکاتەوە؟

ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی وەسفی – بەراوردکاری دەستەبەر دەکات، لەوەی شیکردنەوەیەکی وەسفی بۆ دەمکاتەکانی کار لە هەردوو زمانەکە بە جیا دەکات، دواتر وەکو ئەنجام بەراوردکردنێک لە نێوانیاندا دەکات.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە جگە لە پوختە وپێشەکی لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: لە ژێر ناونیشانی (مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کات لە زمانی کوردی) دایە. کە باس لە مۆرفیمەکانی کات کراوە لە زمانی کوردیدا کە بریتین لە مۆرفیمەکانی (کاتی ڕابردوو، کاتی ئێستا، کاتی داهاتوو).

بەشی دووەم: لە ژێر ناونیشانی (مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کات لە زمانی تورکی) دایە. کە باس لە مۆرفیمەکانی کات کراوە لە زمانی تورکیدا کە بریتین لە پێنج کاتی سەرەکی ئەوانیش مۆرفیمەکانی) کاتی ڕابردووی بینراو- سادە (Görülen Geçmiş Zaman)، کاتی ڕابردووی بیستراو – تەواو(Duyulan Geçmiş Zaman) ، کاتی ئێستا(Şimdiki Zaman) ، کاتی داهاتوو(Gelecek Zaman) ، کاتی

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 9، العدد 2 (2025).
أُستلم البحث في 3 تموز 2025؛ قُبل في 26 أب 2025
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 أيلول 2025
البريد الإلكتروني للمؤلف: banaz.muhammedameen@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © 2025 بەناز یاسین محمدامین، سەباح ڕەشید قادر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp78-88

فراوان (Geniş Zaman)
کۆتایی توێژینەوەکەش تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی چەند ئەنجامێکی زانستی، لەگەڵ سەرچاوەکان بە هەر دوو زمانی کوردی وتورکی.

## 2. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کات لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا هیچ کارێک سادە نیە ، واتە هیچ کارێک نیە بە تەنها لە یەک مۆرفیم پێکهاتبێ .( فەتاح ،٢٠١٠) ، هەموو کارێک بە لایەنی کەمەوە سێ مۆرفیمی تێدایە کە بریتین لە ڕەگی کار و مۆرفیمی کات و جێناوی لکاو ، کە ڕووداو ، کات ، کەس دەگەیەنن .
یەکێک لە مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار کە لە گەڵ کاردا بەکار دێت مۆرفیمی بەندی (کات)ە ، کاتیش بە گیرەکەکانی کات دەردەبڕدرێت، کە ڕوودانی کارەکە دەردەخەن . (ڕەسول ،٢٠١٥)
لە ڕێزمانی کوردیشدا سەرباری هەبوونی ئاوەلکارە کاتییەکان کە بە وردی کاتی ڕوودانی کارەکە دەست نیشان دەکەن ، کۆمەلێک مۆرفیمی کات هەن کە بە ڕەگی کارەوە دەلکێن و کاتی ڕوودانی کارەکە ڕادەگەیێنن. کە لەم خشتەیەدا خراونەتەڕوو.

خشتەی (١)

| مۆرفیمەکانی کات | | |
|---|---|---|
| ڕابردوو | ڕانەبردوو | |
| | ئێستا | داهاتوو |
| ا / د / ت/ و / ی | ە / Ø | ێ / Ø |

چەمکی کاتیش لە بنەڕەتدا دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی دەبێت ، کاتی ئێستا (دەمی ئاخاوتن) ، کاتی ڕابردوو (پێش دەمی ئاخاوتن) ، کاتی داهاتوو (دوای دەمی ئاخاوتن).
وە لە سەر ئەم بنەمایەش پەیرەوی کاتیش بە پێی تایبەتمەندیی زمانەکان دەگۆڕێت ، لە زمانی کوردیدا کات دابەش دەبێت بۆ (ڕابردوو ، داهاتوو) ، بەلام لە چاووگەکانی (بوون ، هەبوون )کات دابەش دەبێت بۆ ( ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو ).
بۆ نموونە:
زیرەکە . (کاتی ئێستا )
زیرەک بوو. (کاتی ڕابردوو)
زیرەک دەبێت. (کاتی داهاتوو)
بەلام بۆ سەرجەم کارەکانی تر لە زمانی کوردیدا بۆ نواندنی کاتی ( ئێستا و داهاتوو) ئاوەلکاری کات ئەم ڕۆلە دەگێڕێت ، واتە "کاتی ئێستا لە داهاتوو جیانەکراوەتەوە بە جیاکەرەوەی وشەسازی " (حەمە ،٢٠١٧) ، بەلکو ئەم دوو دەمکاتە بە هۆی ئاوەلکارە کاتییەکان و چەند وشەو دەربڕینێکی تایبەت جیادەکرێنەوە.
بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو:
من ئێستا دەچم بۆ کتێبخانە.
بواری ڕوودانی ئەم ڕستەیە لە دەمی ئاخاوتندایە ، و بەهۆی ئاوەلکاری کاتی ئێستا جەخت لە کاتی ئێستا کراوەتەوە.

من بەیانی دەچم بۆ کتێبخانە.

بواری ڕوودانی ئەم ڕستەیە لە دوای دەمی ئاخاوتندایە ، بەهۆی ئاوەلکاری کاتی داهاتوو جەخت لە کاتی داهاتوو کراوەتەوە.

### 2.1 مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکانی کاتی ڕابردوو

"کرداری ڕابردوو ئەو کردارەیە کە پرۆتسیسی ڕوودانەکەی پێش ئاخاوتن بکەوێ" ( مارف، ٢٠١٤)
لە زمانی کوردیدا فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی (ا ، د ،ت ، و ، ی) ئەلۆمۆرفەکانی کاتی ڕابردووی کارن ، ئەم مۆرفیمانە لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە نیشانەی چاووگ ناودەبران ، چونکە لە هەر چاووگێکدا دوای لادانی ڕەگی کار و نیشانەی چاووگ ئەو دەنگەی دەمێنێتەوە مۆرفیمی کاتی ڕابردوون.
واتە چاووگ بە لایەنی کەمەوە لەم سێ مۆرفیمە پێکهاتووە :

چاووگ← ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا ، د ، ت ، و ، ی) + (ن)ی چاووگ

کێلان← کێل + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو ( ا ) + (ن)ی چاووگ

کردن ← کر + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو ( د ) + (ن)ی چاووگ

کەوتن ← کەو + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو ( ت ) + (ن)ی چاووگ

چوون ← چ + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو ( و ) + (ن)ی چاووگ

نوسین← نوس + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو ( ی ) + (ن)ی چاووگ

کەواتە مۆرفیمەکانی (ا ، د ، ت ، و ، ی) مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کاتی ڕابردوون لە کاری بکەر دیاردا ، ئەم مۆرفیمانە هەمان ئەرکی ڕێزمانی دەبینن کە نیشاندانی کاتی ڕابردووی کارە ، بەلام لە کاری بکەر نادیاردا تەنها مۆرفیمی کاتی ڕابردووی ( ا) ئەم ڕۆلە دەگێڕێت.
بۆ نموونە :

نوسین ← نوسرا

کوشتن ← کوژرا

کردن ← کردرا

لە ڕووی بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانەوە ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەخەینەڕوو :

- تەنها مۆرفیمی کاتی ڕابردووی ( ا ) لە داڕشتنی کاری بکەر نادیار بەشداری دەکات.
- سەبارەت بە مۆرفیمەکانی (ت) و ( د )کاتی ڕابردوو ، لە بەر ئەوەی ئەم دوو مۆرفیمە هەمان سازگەی دروست بونیان هەیە و جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە دەنگی ( د) گرە و دەنگی (ت) کپە، لە هەندێ زاری زمانی کوردیدا ئالوگۆر دەبن. (ڕسول ،١٩٩٥)

ناردن ← هنارتن

سپاردن ← ئەسپارتن

بژاردن ← بژارتن

10.24086/cuejhss.v3n2y2025.pp78-88

- له زاری کوردی ژووروودا زۆر جار مۆرفیمی کاتی ڕابردووی (د) دەکرێتیٖریێت و گۆ ناکرێت.

مردن ⟵ مرن

خواردن ⟵ خارن

- هەندێ جار مۆرفیمی کاتی ڕابردووی (ی) لە هەندێ لە زارەکانی زمانی کوردیدا لەگەڵ ئەلۆمۆرفێکی تر ئالوگۆر دەبێت ، بۆ نموونە لە زاری کوردی باکوور هەندێک جار دەگۆڕێت بۆ مۆرفیمی کاتی ڕابردووی ( ا ) . (ڕسول ،٢٠٢٣)

تەقین ⟵ تەقان

لەرزین ⟵ لەرزان

- ژمارەی چاووگە (و) ییەکان بە بەراورد بە چاووگەکانی تر زۆر کەمە ، و هەروەها لە چاوگە (و) ییەکان ڕەگی کار بە پیی یاساو بێ ناویزە دوای کرتاندنی (و) ی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو و (ن) نیشانەی چاووگ دروست دەبێت .

چوون ⟵ چـ

بوون ⟵ بـ

بەڵام لە چاووگە تێپەڕە (و) ییەکان ئەوا تەنیا بە لابردنی (ن)ی چاووگ ڕەگی ڕابردوو ڕانەبردووش دروست دەبێت ، بۆ نموونە:

دروون ⟵ دروو

سوون⟵ سوو (ئەمین ،٢٠٠٩)

## 2.2 مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کاتی ڕانەبردوو

کاتی ڕانەبردوو هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کە ئەو کارەیە ڕوودانەکەی دەکەویتە دوای ئاخاوتن واتە کارەکە ڕووی نەداوە ، یان ئێستا ڕوودەدات یان لە داهاتوودا "کرداری ڕانەبردوو ئەو کردارەیە کە پرۆتێستی ڕوداێنک لە دەمی ئاخاوتن یاخود دوای دەمی ئاخاوتن نیشان دەدات" (مارف،٢٠١٤)

مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکانی کاتی ڕانەبردوو لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) و مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ) دەگرێتەوە ، وە ئەم دوو مۆرفیمەش لە هەموو باریکدا دەرناکەون ، بۆیە هەندێ جار دەبنە مۆرفیمی (سفر). ø

لە زۆربەی زمانەکانی جیهان کاتی ڕانەبردوو دووکاتی جیا دەگرێتەوە ئەویش کاتی (ئێستا و داهاتوو)ە، "لە زمانی کوردیدا لە دیالێکتی خواروودا کاتی ئێستا و داهاتوو لەڕرووی فۆرمەوە جیاوازییان نیە ، بەڵام بە یارمەتی هەندێ وشە بە تایبەتی (ئاوەڵکار) ئەم دوو کاتە لە یەکتر جیا دەکرێتەوە ، بەڵام لە کرمانجی ژووروودا ، هەر بە ئاسانی ئەو دوو کاتە لە یەکتری جیادەکرێتەوە بە هۆی نیشانەی مۆرفۆلۆژییەوە" (مارف، ٢٠٠٤) بۆ نموونە:

لە دیالێکتی ژووروودا بۆ کاتی ئێستا:

نیشانەی (د- ) +ڕەگی کاری ڕانەبردوو + جێناوی لکاوی ڕێککەوتن

د +ڤیس + م ⟵ دڤیسم

لە دیالێکتی ژووروودا بۆ کاتی داهاتوو:

نیشانەی (دێ ، وێ ) +ڕەگی کاری ڕانەبردوو + جێناوی لکاوی ڕێککەوتن

دێ+ چ+ م ⟵ دێچم

### 2.2.1 مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کاتی داهاتوو

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بۆ کاتی داهاتوو مۆرفیمی (ێ) یە ، کە بە پێی جۆری کارەکە دەرکەوتنی دەگۆڕێت لە کاری بکەر نادیاردا ئەم مۆرفیمە لە هەموو باریکدا بە دیار دەکەوێت. بۆ نموونە:

دەنوسرێ

دەکێڵرێ

دەکرێ

بەڵام لە کاری بکەر دیاردا مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ) لە هەندێ باردا دەردەکەوێت و لە هەندێ باریشدا دەرناکەوێت واتە دەبێتە (سفر).

لە چاووگە تێنەپەڕە (ا) ییەکاندا ، مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ) لە هەموو کەسەکاندا دەردەکەوێت . بۆ نموونە لە چاووگی (سوتان) کە چاوگێکی تێنەپەڕی (ا) یە ، ئەوا مۆرفیمی کاتی داهاتوو لە هەموو کەسەکاندا دەردەکەوێت.

دەسوتێم – دەسوتێین

دەسوتێی – دەسوتێن

دەسوتێ - øدەسوتێن

بەڵام ئەم مۆرفیمە لە گشت چاووگە تێنەپەڕەکانی تردا تەنها لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت ، چونکە جێناوی لکاو لە کەسی سێیەمی تاک سفرە . بۆ نموونە لە چاووگی (بڕین):

دەبڕم – دەبڕین

دەبڕی – دەبڕن

دەبڕێ - øدەبڕن

تەنانەت لە چاووگە (ا)ییە تێپەڕەکانیش مۆرفیمی کاتی داهاتوو تەنها لە کەسی سێیەمی تاکدا بە دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە چاووگی ( کێلان) کە چاووگێکی (ا) تێپەڕە.

دەکێلم – دەکێڵین

دەکێڵی – دەکێڵن

دەکێڵیø – دەکێڵن

### 2.2.2 مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کاتی ئێستا

یەکێکە لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکانی کاتی ڕانەبردوو "کە نزیکترین کاتی ئاخاوتنە ، بە مۆرفیمی (ە) ئاماژەی بۆ کراوە ، ئەم مۆرفیمە زۆر بە کەمی بە تەنیا بەدەردەکەوێت ، لە بەرئەوەی مۆرفیمێکی کورت و بێهێزە ، بۆیە لە شیوەی (سفر)دا دەدەکەوێت ، تەنیا لەم کاتەدا نەبێت کە جێناوە لکاوەکە دەبێتە سفر ئەوکات مۆرفیمی (ە) بە دیار دەکەویت " (ڕەسول، ٢٠١٥)

لە زمانی کوردییدا بۆ دەربڕینی کاتی ئێستا فۆرمێکی تایبەتی کار یاخود کاتێکی دیاریکراومان نیە کە تایبەت بێت بە کاتی ئێستا ، بۆ دەربڕینی کاتی ئێستا ئاوەڵکارە کاتییەکان بەکاردەهێنین، بۆ نموونە ئاوەڵکارەکانی (وا ، ئەوا ، ئێستا ،...) کە ئاماژەی ورد بە کاتەکە دەکات .

بۆ نموونە:

ئازاد نامەکەی نوسی .(کاتی ڕابردووە)

ئازاد ئێستا نامەکە دەنوسێت . (کاتی ئێستایە)

ئازاد نامەکە دەنوسێ . (کاتی داهاتووە)

کاتی ئێستا لە ڕووی ڕوودانی کارەکان دوو واتای بنەڕەتی هەیە :(یەکەم : ڕووداوێک ڕادەگەیێنێ کە لە گەڵ دەمی ئاخاوتندا یەک بکەوێ . دووەم : ڕووداوێک کە بە بەردەوامی جێبەجێ دەکرێ لە گشت کاتێکدا و لەگەڵ ئەوەشدا لە گەڵ دەمی ئاخاوتندا یەک بکەوێ .( مارف ، ٢٠٠٤(

بۆ نموونە:

ئەو ژیرە.

خوێ سورە.

لە ڕستەی یەکەمدا کاتی ئێستایە و لەگەڵ دەمی ئاخاوتن یەکسانە ، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا لە هەموو کاتێکدا و لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا یەک دەبێت.

جگە لەم دوو واتایە کاتی ئێستا "گەلێ جاریش بۆ دەربڕینی ڕووداوێک بەکاردێ کە لە ڕابردوودا ڕووی دابێ ، یان بۆ ڕووداوێک کە لە ئایندەدا ڕوودبدات بەکارهێنانی کاتی ئێستا بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵێک کە لە زوودا ڕووی دابێ ، زیندویەتیەکی گەورە بە گێڕانەوەی چیرۆک دەدات و لە لاتینیدا بۆ ئەم جۆرە دەربڕینە زاراوەی (کاتی ئێستای مێژوویی ) بەکار دەبرێ" (هەمان سەرچاوە)

دەمکاتی ئێستا تەنیا لەگەڵ ڕەگی (هە(بون)) دروست دەبن ، بەڵام ئەم ڕەگە دەرناکەوێت لە بەرئەوەی لەم بارەدا ئەگەر دەرکەوێ ڕستەکە لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا دەگۆڕێت بۆ ڕستەی داخوازی یان لە کەسی سێیەمی تاکدا ڕستەکە دەبێتە فەرماندان بۆ کەسی دووەمی تاک "( ڕەسول،٢٠١٤) واتە فۆرمەکانی کاری کوردی ناوەراست تەنها بۆ کاتی (ڕابردوو ، داهاتوو) دەشکێنەوە ، بەڵام لە چاووگی (بوون ، هەبوون ) دا ناویزەیی هەیە و فۆرمەکانی ئەم دوو کارە بۆ هەر سێ کاتی (ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو) دەشکێنەوە، لەکاتی گەردانکردنی کاری (بوو) تەنها لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمی کاتی ئێستا دەردەکەوێت ، کاری ئەم جۆرە ڕستانەش پێویستی بە تەواوکەرێک هەیە لە کەتیگۆرییەکانی : (ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار،...) . (مستەفا ، ٢٠١٩)

چاووگی (بوون)

یاسای کاتی ئێستا : تەواوکەر +ڕەگ + مۆرفیمی کات+ جێناوی لکاوی ڕێککەوتن

زیرەکم – زیرەکین

زیرەکی – زیرەکن

زیرەکە – øزیرەکن

یاسای کاتی ڕابردوو : تەواوکەر +ڕەگ + مۆرفیمی کات + جێناوی لکاوی ڕێککەوتن

زیرەک بووم – زیرەک بووین

زیرەک بووی – زیرەک بوون

زیرەک بوو – øزیرەک بوون

یاسای کاتی داهاتوو: تەواوکەر + ئەسپێکتی بەردەوامی (دە) + ڕەگ + مۆرفیمی کات + جێناوی لکاوی ڕێککەوتن

زیرەک دەبم – زیرەک دەبین

زیرەک دەبیت – زیرەک دەبن

زیرەک دەبێø – زیرەک دەبن

## 3. مۆرفیمەکانی کات و ڕووکار (Zaman ve Şekil Ekleri) لە زمانی تورکیدا

لە زمانی تورکیدا "هەموو کارێکی گەردانکراو بە لایەنی کەمەوە لە سێ مۆرفیم پێک دێت ، ڕەگی کار ، مۆرفیمی (کات و ڕووکار) و جێناوی لکاو ، کە ڕووداو ، کات ، فۆرم ، کەس دەگەیێنن (Ergin 1998). ، ڕەگی کاریش مۆرفیمێکی تەوەرەییە ، و دوای لادانی نیشانەی چاووگ ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی کارە ، کە هیچ گۆڕانێکی دەنگسازی تێدا ڕوونادات ، بەڵکو ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانەی کە بە شێوەی پاشگر بە ڕەگی کارەوە دەلکێن گۆڕانی دەنگسازییان تێدا ڕوودەدات .

وردەکاری پۆلێنکردنی کاتی ڕوودانی کارەکان لە نێوان نەتەوەکاندا جیاوازە ، بۆیە ژمارەی دەمکاتەکانیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاواز دەبێت ، لە زمانی تورکیدا مۆرفیمەکانی کات لە هەمان کاتدا مۆرفیمەکانی ڕووکاری هەواڵیشن ، مۆرفیمەکانی ڕووکاری هەواڵی ( Haber “Bildirme” Kipleri) لە زمانی تورکیدا ئەو کاتە سەرەکییانەن کە هەڵگری چەمکێکی دیاریکراوی کاتن ((Doğan. 2007 ، کە لە پێنج مۆرفیمی کات پێک دێن کە بریتین لە:

### 3.1 مۆرفیمی ڕێزمانی کاتی ڕابردووی نزیک - بینراو (Görülen Geçmiş Zaman Eki)

کاتی ڕابردووی بینراو بۆ باسکردنی ئەو کارانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە لە بەردەم چاوی قسەکەر ، یاخود هەروەکو ئەوەی بینیوەتی دڵنیاییە لە ڕوودانی کارەکە (Babayığit, 2016) .

لە زمانی تورکیدا پاشگری کاتی ڕابردووی بینراو بریتیە لە (dı , di, du, dü ,tı, ti, tu, tü)، و ئەم پاشگرەش "لە هەمان کاتدا بە پاشگری ڕووکار و کات دادەنرێت ، واتە لە ڕووی فۆرمەوە پاشگری ڕووکاری هەواڵدانە وە لە ڕووی کاتەوەش پاشگری کاتی ڕابردووی بینراوە (Ergin 1998 ) "

ئەم پاشگرە لە کاتی بەکارهێنانیدا ڕەچاوی گونجانی پیتە بزوێن و هەروەها لێکچونی نەبزوێنەکانیش دەدات . بە گشتی لە زمانی تورکیدا "دەنگە نەبزوێنەکانی ناو پاشگرەکان لە چاو دەنگە بزوێنەکانی ناو پاشگرەکان کەمتر گۆڕانی دەنگیان بە سەردا دێت((Deny, 2012:117 "

ئەگەر هاتوو ڕەگی کارەکە بە یەکێک لە دەنگە نەبزوێنە کپەکان (Tonsuz) (f, ş, t, k, ç, h, p)کۆتایی هاتبوو ، ئەوا پاشگرەکانی (tı, ti, tu, tü) وەردەگرێت کە بە دەنگی نەبزوێنی کپ دەستی پێکردووە(Vural ve Böler, 2023 ) .

یاسای ڕۆنانی ئەم کارە بەم شێوەیەیە:

ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی رابردووی بینراو - نزیک ( Görülen Geçmiş Zaman Eki) + کۆمەڵەی جێناوی خاوەنی (İyelik Kökenli Şahıs Ekleri)

خشتەی (٢)

| Fiil Kökü+ (dı , di, du, dü ,tı, ti, tu, tü) Eki +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار + پاشگری (dı , di, du, dü ,tı, ti, tu, tü) + جێناوی لکاو | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | Okumak | خوێندن | Yapmak | کردن |
| Ben:من | Oku-du-m | خوێندم | Yap-tı-m | کردم |
| Sen:تۆ | Oku-du-n | خوێندت | Yap-tı-n | کردت |
| O:ئەو | Oku-du | خوێندی | Yap-tı | کردی |
| Biz :ئێمە | Oku-du-k | خوێندمان | Yap-tı-k | کردمان |
| Siz: ئێوە | Oku-du-nuz | خوێندتان | Yap-tı-nız | کردتان |
| Onlar:ئەوان | Oku-du-lar | خوێندیان | Yap-tı-lar | کردیان |

شێوازی نەرێ (Olumsuz Şekli)

خشتەی (٣)

| Fiil Kökü+olumsuzluk Eki (ma, me)+ (dı , di, du, dü ,tı, ti, tu, tü) Eki +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار +پاشگری نەرێ (ma, me) + پاشگری (dı , di, du, dü ,tı, ti, tu, tü) + جێناوی لکاو | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | Okumak | خوێندن | Yapmak | کردن |
| Ben:من | Oku-ma-dı-m | نەمخوێند | Yap-ma-d-ım | نەمکرد |
| Sen:تۆ | Oku-ma-dı-n | نەتخوێند | Yap-ma-dı-n | نەتکرد |
| O:ئەو | Oku-ma-dı | نەیخوێند | Yap-ma-dı | نەیکرد |
| Biz :ئێمە | Oku-ma-dı-k | نەمانخوێند | Yap-ma-dı-k | نەمانکرد |
| Siz: ئێوە | Oku-ma-dı-nız | نەتانخوێند | Yap-ma-dı-nız | نەتانکرد |
| Onlar:ئەوان | Oku-ma-dı-lar | نەیانخوێند | Yap-ma-dı-lar | نەیانکرد |

### 3.2 مۆڕفیمی ڕێزمانی کاتی ڕابردووی تەواو - بیستراو ( Duyulan Geçmiş (Zaman Eki

کاتی ڕابردووی بیستراو بۆ باسکردنی ئەو کارو ڕووداوانەی کە پێش دەمی ئاخاوتن ڕوویانداوە بەڵام قسەکەر ڕووداوەکەی نەبینیوە بەڵکو لە سەر بنەمای بیستن یاخود بێ ئەوەی بزانێت کارەکەی ئەنجام داوە و دواتر درکی پێکردووە ، ئەمەش کرنگترین جیاوازییەتی لە گەڵ کاری ڕابردووی بیستراو (Korkmaz, 2009) .

مۆڕفیمی کاتی ڕابردووی تەواو لە زمانی تورکیدا بریتیە لە پاشگری (mış, miş, muş, müş)، و ئەم پاشگرەش "لە هەمان کاتدا بە پاشگری ڕووکار و کات دادەنرێت ، واتە لە ڕووی فۆڕمەوە پاشگری ڕووکاری هەواڵدانە وە لە ڕووی کاتەوەش پاشگری کاتی ڕابردووی تەواو - بیستراوە(Ergin, 1998) "

بەکارهێنانی ئەم پاشگرە بە پێی ئەو دەنگە بزوێنەی کە لە کۆتا برگەی کارەکەوە دێت ، واتە ئەگەر لە کۆتا بڕگەی کارەکە یەکێک لە پیتە بزوێنەکانی (a, ı e, i,) هەبوو ئەوا پاشگری (mış, miş) وەردەگرێت ، بەڵام ئەگەر لە کۆتا بڕگەی کارەکە یەکێک لە پیتە بزوێنەکانی (o, u ö, ü) هەبوو ئەوا پاشگری (muş, müş) وەردەگرێت(Doğan, 2007) .

یاسای ڕۆنانی ئەم کارە بەم شێوەیەیە:

ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابردووی تەواو - بیستراو ( Duyulan Geçmiş (Zaman Eki + کۆمەڵەی جێناوی ڕێککەوتن ( Zamir Kökenli Şahıs Ekleri

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp78-88

خشتەی (٤)

| Fiil Kökü+ (mış , miş, muş, müş) Eki +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار +پاشگری( mış , miş, muş, müş ) +جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|
| | Ağlamak | گریان |
| Ben:من | Ağla-mış-ım | گریاوم |
| Sen:تۆ | Ağla-mış-sın | گریاوی |
| O:ئەو | Ağla-mış | گریاوە |
| Biz :ئێمە | Ağla-mış-ız | گریاوین |
| Siz: ئێوە | Ağla-mış-sınız | گریاون |
| Onlar:ئەوان | Ağla-mış-lar | گریاون |

شێوازی نەرێ

خشتەی (٥)

| Fiil Kökü+ olumsuzluk Eki (ma, me)+ (mış , miş, muş, müş) Eki +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار + پاشگری نەرێ (ma, me) + پاشگری (mış , miş, muş, müş ) + جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|
| | Ağlamak | گریان |
| Ben:من | Ağla-ma-mış-ım | نەگریاوم |
| Sen:تۆ | Ağla-ma-mış-sın | نەگریاوی |
| O:ئەو | Ağla-ma-mış | نەگریاوە |
| Biz :ئێمە | Ağla-ma-mış-ız | نەگریاوین |
| Siz: ئێوە | Ağla-ma-mış-sınız | نەگریاون |
| Onlar:ئەوان | Ağla-ma-mış-lar | نەگریاون |

### 3.3 مۆرفیمی ڕێزمانی کاتی ئێستا: ( Şimdiki Zaman Eki)

کاتی ئێستا ئۆ باسکردنی ئەو کارانەی کە لە ئێستادا ئەنجام دەدرێت و لە بەردەوام

بووندایە (JEREMİCS, 2013:26) .

مۆرفیمی کاتی ئێستا لە زمانی تورکیدا بریتیە لە پاشگری (-yor) ، و ئەم پاشگرەش لە "هەمان کاتدا بە پاشگری ڕووکار و کات دادەنرێت واتە لە ڕووی فۆڕمەوە پاشگری ڕووکاری هەواڵدانە وە لە ڕووی کاتەوەش پاشگری کاتی ئێستایە (Ergin " 1998)

بەکارهێنانی ئەم پاشگرە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

ئەو ڕەگی کارانەی کە بە پیتە بزوێنەکانی (ı, i, u, ü) کۆتایی هاتبوو ئەوا یەکسەر پاشگری کاتی ئێستا (-yor) وەردەگرن.

بۆ نموونە: دەخوێنمOku-yor-um

ئەو ڕەگی کارانەی کە بە پیتی بزوێنی(e) یاخود (a) کۆتاییان هاتووە لەکاتی

وەرگرتنی پاشگری (-yor) ئەوا ئەم پیتانە لەناودەچن ، بە پێی گونجانی لەگەڵ ئەو دەنگە بزوێنەی کە لە کۆتا بڕگەی کارەکەوە هاتووە ئەوا ناوبەندی بزوێنی (ı, i, u, ü)دەکەوێتە نێوان ڕەگی کارو پاشگری کاتی ئێستا. (-yor)

بۆ نموونە:

Söyle + yor ⟶ Söylüyorدەڵێتەوە

Anla + yor ⟶ Anlıyorتێدەگات

ئەو ڕەگی کارانەی کە بە نەبزوێن کۆتاییان دێت ئەوا ناوبەندی بزوێنی (ı, i, u, ü) دەکەوێتە نێوان ڕەگی کارو پاشگری کاتی ئێستا (-yor) ئەمیش بە پێی ئەو دەنگە

10.24086/cuejhss.v3n2y2025.pp78-88

بزوێنەی کە لە کۆتا بڕگەی کارەکە هاتووە .
بۆ نموونە :
Gör-ü-yor-umدەبینم
(Aktaş ve diğer yazarlar, 2020)

یاسای ڕۆنانی ئەم کارە بەم شێوەیەیە:
ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا + ( Şimdiki Zaman Eki) کۆمەڵەی جێناوی ڕێککەوتن (Zamir Kökenli Şahıs Ekleri)

خشتەی (٦)

| Fiil Kökü+ Şimdiki Zaman (yor) Eki +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار +پاشگری کاتی ئێستا (yor) +جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|
| | Yazmak | نوسین |
| Ben:من | Yaz-ı-yor-um | دەنوسم |
| Sen:تۆ | Yaz-ı-yor-sun | دەنوسیت |
| O:ئەو | Yaz-ı-yor | دەنوسێت |
| Biz :ئێمە | Yaz-ı-yor-uz | دەنوسین |
| Siz: ئێوە | Yaz-ı-yor-sunuz | دەنوسن |
| Onlar:ئەوان | Yaz-ı--yor-lar | دەنوسن |

شێوازی نەرێ:

خشتەی (٧)

| Fiil Kökü+ olumsuzluk Eki (ma, me)+ Şimdiki Zaman (yor) Eki +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار + پاشگری نەرێ (ma, me)+پاشگری کاتی ئێستا (-yor) +جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|
| | Yazmak | نوسین |
| Ben:من | Yaz-mı-yor-um | نانوسم |
| Sen:تۆ | Yaz-mı-yor-sun | نانوسیت |
| O:ئەو | Yaz-mı-yor | نانوسێت |
| Biz :ئێمە | Yaz-mı-yor-uz | نانوسین |
| Siz: ئێوە | Yaz-mı-yor-sunuz | نانوسن |
| Onlar:ئەوان | Yaz-mı-yor-lar | نانوسن |

هەروەها لە زمانی تورکیدا پاشگرێکی تری کاتی ئێستا بریتیە لە پاشگری (makta) و (mada)، پاشگری (makta) کە زیاتر لە نوسیندا بەکاردەهێنرێت و پاشگری (mada)ئەمەیان زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێت ، لە ڕووی بەکارهێنانەوە پاشگری-) (yorچالاکترە (Ergin, 1998) .، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم پاشگرانە نیە ، دەربڕینی کاتی ئێستا بە پاشگری (makta) و (mada) واتای ئەوە دەدات کە کارەکە دەستی پێکردووە واتە دۆخی (لە ناودابوون) -İçinde Bulunmak ، کەچی کاتی ئێستا بە پاشگری (yor-) واتای ئەوە دەدات کە کارەکە یان دەستی پێکردووە یاخود لە سەر دەست پێکردنە واتە (بەردەوامبوون . (- Süreklilik (Şahin, 2006)

بۆ نموونە :
Yaz-makta-y-ım
Yaz-mada-y-ım

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp78-88

پاشگری (-yor)کاتێک ئاوەڵکارە کاتەکانی لەگەڵدا بەکار دەهێنرێت ، ئەوا چەمکی کاتی داهاتووی نزیک دەگەیێنێت (Şahin, 2006) .

بۆ نموونە:

ئەمڕۆ دێم      Bugün geliyorum.

کەمێکی تر دێم Biraz sonra geliyorum .

### 3.4 مۆرفیمی ڕێزمانی کاتی فراوان – کاتی ڕانەبردوو (Geniş zaman Eki)

کاتی فراوان هەروەکو لە ناوەکەیەوە دیارە زۆربەی کاتەکان لە خۆدەگرێت ، بۆ باسکردنی ئەو کارانەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجام دەدرێن ، هەروەها بۆ ئاماژە دان بەو کارانەی کە لە ڕابردوو ڕوویانداوە تاوەکو ئێستا لە بەردەوام بووندایە و یان ئەو کارانەی لە داهاتوودا ڕوو دەدەن ، بەڵام بە زۆری بۆ کاتی داهاتوو بەکار دەهێنرێت(Korkmaz 2009 ) .

ئەم جۆرە دەمکاتە لە بەر ئەوەی ماوەی ڕوودانەکەی فراوانە بۆیە گومان (İhtimal) لە ڕوودان یان ئەنجامدانی دروست دەبێت ، بە پێچەوانەی کاتی داهاتوو (Gelecek Zaman)کە چەمکی دڵنیایی (Kesinlilik) تێدا بەدی دەکرێت ( Vural ve Böler, 2023) .

کاتی فراوان لە زمانی تورکیدا بە هۆی پاشگری (r "er,ar",ır, ir, ur, ür) دروست دەکرێت ، و ئەم پاشگرەش "لە هەمان کاتدا بە پاشگری ڕووکار و کات دادەنرێت ، واتە لە ڕووی فۆرمەوە پاشگری ڕووکاری هەواڵدانە و لە ڕووی کاتەوەش پاشگری کاتی فراوانە.(Ergin, 1998) "

لە بەکارهێنانی ئەم پاشگرە پیتی " r "ناگۆڕێت هەردەم جێگیرە ، بەڵام پیتە بزوێنەکانی دوای ئەم پیتە دەگۆڕێت بەم شێوەیەی خوارەوە : .

1. ئەو ڕەگی کارانەی کە بە پیتی بزوێن کۆتاییان هاتووە ئەوا پاشگری کاتی فراوانی (r) وەردەگرن: دەخوێنێتoku+r
2. ئەو ڕەگی کارانەی کە یەک بڕگەیین و بە پیتی نەبزوێن کۆتاییان هاتووە ، ئەوا یەکێک لە پاشگرەکانی کاتی فراوانی "er,ar" وەردەگرن: دەفرێت uç+ar
3. بەڵام ئەو چەند کارەی کە لە خوارەوە هاتوون ناوێزەن یەک بڕگەیین و بە پیتی نەبزوێن کۆتاییان هاتووە بەڵام یەکێک لە پاشگرەکانی کاتی فراوانی"ır, ir, ur, ür" وەردەگرن

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Alır<br>دەکرێت | Ölür<br>دەمرێت | Bulur<br>دەدۆزێتەوە | Kalır<br>دەمێنێتەوە | Varır<br>دەگات | Götürür<br>دەبات |
| Olur<br>دەبێت | Bilir<br>دەزانێت | Gelir<br>دێتەوە | Verir<br>دەدات | Vurur<br>لێ دەدات | Durur<br>دەوەستێت |

4. ئەو ڕەگی کارانەی کە لە بڕگەیەک زیاترن بە نەبزوێن کۆتاییان هاتووە ، ئەوا یەکێک لە پاشگرەکانی کاتی فراوانی "ır, ir, ur, ür" وەردەگرن:

باوەر دەکاتİnan-ır

پیشان دەداتGöster-ir

قسە دەکاتKonuş+ur

بیر دەکاتDüşün-ür (Gencan, 1979)       یاسای ڕۆنانی ئەم کارە بەم شێوەیەیە:

ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی فراوان (Geniş Zaman Eki ) + کۆمەڵەی جێناوی ڕێککەوتن (Zamir Kökenli Şahıs Ekleri)

خشتەی (٨)

| Fiil Kökü + Geniş Zaman Eki (r "er,ar",ır, ir, ur, ür) +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار +پاشگری کاتی فراوان (r "er,ar",ır, ir, ur, ür) +جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|
| خواردن | Yemek | |
| دەخۆم | ye-r-im | Ben:من |
| دەخۆیت | Ye-r-sin | Sen:تۆ |
| دەخوات | Ye-r | O:ئەو |
| دەخۆین | Ye-r-iz | Biz :ئێمە |
| دەخۆن | Yer-r-siniz | Siz: ئێوە |
| دەخۆن | Ye-r-ler | Onlar:ئەوان |

شێوازی نەرێ

خشتەی (٩)

| Fiil Kökü+ olumsuzluk Eki +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار + پاشگری نەرێ (ma, me) + +جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|
| | Yemek | خواردن |
| Ben:من | Ye-me-m | ناخۆم |
| Sen:تۆ | Ye-mez-sin | ناخۆیت |
| O:ئەو | Ye-mez | ناخوات |
| Biz :ئێمە | Ye-me-yiz | ناخۆین |
| Siz: ئێوە | Ye-mez-siniz | ناخۆن |
| Onlar:ئەوان | Ye-mez-ler | ناخۆن |

**3.5 مۆرفیمی کاتی داهاتوو (Gelecek zaman Eki)**

دەمکاتی داهاتوو بۆ باسکردنی ئەو کارانە بەکار دێت کە لە داهاتوو ئەنجام دەدرێت ، واتە بواری ڕوودانی بریتیە لە کاتی دوای کاتی قسەکردن.(Korkmaz, 2007) .

دەمکاتی داهاتوو لە زمانی تورکیدا بە هۆی پاشگری (-acak,- ecek) دروست دەکرێت ، " ئەم پاشگرەش لە هەمان کاتدا بە پاشگری ڕووکار و کات دادەنرێت ، واتە لە ڕووی فۆرمەوە پاشگری ڕووکاری هەواڵدانە وە لە ڕووی کاتەوەش پاشگری کاتی داهاتووە.(Ergin, 1998) "

لە بەکارهێنانی ئەم پاشگرە چەند گۆڕانێکی دەنگسازی و ڕێنووسی پەیدا دەبێت لەوانەش:

-ئەگەر ڕەگی کارەکە بە یەکێک لە پیتە بزوێنەکان کۆتایی هاتبوو ئەوا ناوبەندی "y" دەکەوێتە نێوانیان:

Söyle+y+ecekدەلێت

-بە هۆی نەرمبوونەوەی نەبزوێن لە گەردانکردنی کار لە کەسی یەکەمی تاک و کۆدا نەبزوێنی "k" نەرم دەبێت و دەگۆڕێت بۆ "ğ" . (Aktaş ve diğer yazarlar, 2020)

Yap-acak-ım: yapacağımدەکەم

Yap-acak-ız: yapacağızدەکەین

یاسای ڕۆنانی ئەم کارە بەم شێوەیەیە:

ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتوو ( Gelecek zaman Eki ) + کۆمەڵەی جێناوی ڕێککەوتن (Zamir Kökenli Şahıs Ekleri)

خشتەی (١٠)

| Fiil Kökü + Gelecek Zaman Eki (-acak,- ecek) +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار +پاشگری کاتی داهاتوو (-acak,- ecek) +جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|
| | Satmak | فرۆشتن |
| Ben:من | Sat-acağ-ım | دەفرۆشم |
| Sen:تۆ | Sat-acak-sın | دەفرۆشی |
| O:ئەو | Sat-acak | دەفرۆشێت |
| Biz :ئێمە | Sat-acağ-ız | دەفرۆشین |
| Siz: ئێوە | Sat-acak-sınız | دەفرۆشن |
| Onlar:ئەوان | Sat-acak-lar | دەفرۆشن |

شێوازی نەرێ :

خشتەی (١١)

| Fiil Kökü+ olumsuzluk Eki+ Gelecek Zaman Eki (-acak,- ecek) +Şahıs Ekleri<br>ڕەگی کار + پاشگری نەرێ (ma, me) +پاشگری کاتی داهاتوو (-acak,- ecek) +جێناوی لکاو | | |
|---|---|---|
| فرۆشتن | Satmak | |
| نافرۆشم | Sat-ma-y-acağ-ım | Ben:من |
| نافرۆشیت | Sat-ma-y-acak-sın | Sen:تۆ |
| نافرۆشێت | Sat-ma-y-acak | O:ئەو |
| نافرۆشین | Sat-ma-y-acağ-ız | Biz :ئێمە |
| نافرۆشن | Sat-ma-y-acak-sınız | Siz: ئێوە |
| نافرۆشن | Sat-ma-y-acak-lar | Onlar:ئەوان |

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم سێ کاتەی زمانی تورکی (Şimdiki zaman , Geniş zaman , Gelecek zaman)کە هەریەکەیان فۆرم و یاسای دارشتنی تایبەت بە خۆی هەیە ، لە زمانی کوردیدا هەمان فۆرمیان هەیە و بە هەمان فۆرم گەردان دەکرێن ، وەکو نموونەکانی سەرەوە:

دەنوسمYaz-ı-yor-um

دەزانمBil-ir-im

دەفرۆشمSat-acağ-ım

واتە ئەم سێ دەمکاتەی زمانی تورکی بەرامبەر بە کاری ڕانەبردووی ڕووکاری هەوالی

Onlar her zaman Okurlar

زمانی کوردییە ،کاری ڕانەبردووش لە زمانی کوردیدا دەمی ئێستا و داهاتوو دەگرێتەوە ، کە دەتوانرێت بە پێی دەق یاخود ئاوەڵکارە کاتییەکانی وەکو (ئێستا ، دوایی ، دوێنێ ، بەیانی ، ....هتد) بە وردی کاتی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان بکرێت، بۆ نموونە:

ئەوان ئێستا دەخوێنن Onlar Şimdi Okuyorlar.

ئەوان بەیانی دەخوێنن Onlar yarın Okuyacaklar

ئەو ان هەمووکات دەخوێنن.

بەڵام لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی تایبەت نیە کە گوزارشت لەم کاتە بکات بۆیە پەنا دەبرێتە بەر ئاوەڵکارە کاتییەکان بۆ گوزارشت کردن لەم دەمکاتەی زمانی تورکی ، بەڵام لە ڕووی فۆرمەوە کاری ڕانەبردووی هەواڵییە .

## 4. ئەنجام

1. لە زمانی کوردیدا ڕەگی کار هەندێک جار گۆڕانی دەنگسازی تێدا ڕوودەدات ، بەڵام لە زمانی تورکیدا ڕەگی کار فۆرمی دەنگی خۆی دەپارێزێت ، واتە هیچ گۆڕانێکی دەنگسازی تێدا ڕوونادات ، بەڵکو ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانەی کە بە شێوەی پاشگر بە ڕەگی کارەوە دەلکێن گۆڕانی دەنگسازییان تێدا ڕوودەدات.
2. گیرەکەکان لە زمانی کوردیدا بە شێوەی پێشگرو پاشگر دەردەکەون ، بەڵام لە زمانی تورکیدا گیرەکەکان تەنها بە شێوەی پاشگر دەردەکەون ، بۆیە زمانی تورکی بە زمانە پاشگرییەکان ناودەبرێت.
3. لە زمانی کوردیدا مۆرفیمەکانی کات و مۆرفیمەکانی ڕووکار جیاوازن هەریەکەیان مۆرفیمی تایبەت بە خۆی هەیە ، بەڵام لە زمانی تورکیدا مۆرفیمەکانی کات لە هەمان کاتدا مۆرفیمی ڕووکاری هەواڵیشن .
4. لە زمانی کوردیدا پاشماوەی چاووگەکە دوای لابردنی نیشانەی چاووگ مۆرفیمێکی بەندی بێواتایە ، بەڵام لە هەندێک ڕەگی کاردا ناوێزەیی تیدەکەوێت ، کەچی لە زمانی تورکیدا مۆرفیمێکی واتاداری لە ڕووکاری فەرماندانداىە.
5. کاتی فراوان (Geniş Zaman) لە زمانی تورکیدا مۆرفیمی تایبەت بە خۆی هەیە،

## سەرچاوەکان


ئەمین، وریا عمر (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠). لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان، کار پۆلێن کردن بە پێی ڕۆنان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ڕەسول، عەبدوڵڵا حسێن (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، بەشی کوردی.

ڕەسول، عەبدوڵڵا حسێن (٢٠١٤)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

ڕەسول، عەبدوڵڵا حسێن (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی -کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

ڕەسول، عەبدوڵڵا حسێن (٢٠٢٣)، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی


10.24086/cuejhss.v3n2y2025.pp78-88

Vural,H. B, Tuncay. (2011). Ses ve Şekil Bilgisi. 1 Baskı. İstanbul: Kesit Yayınları.

Babayiğit, M.V. (2016). İnglizce, Kürtçe ve türkçe Zamanların Sentaks (Sözdizimsel) Karşılaştırması. Yüksek Lisans Tezi. Diyarbakır.



**Abstract**

When we seek to propose a Comparative Study of a linguistic Phenomenon between two languages, there must be a logical justification to support that attempt, this is where our attempt lies. The research which entitled (Tense morphemes in Kurdish and Turkish languages), it is an attempt to appear some differences between these two Languages. Turkish language falls within the morphological Classification of Agglutinative language, while Kurdish language falls within the classification of incorporative language, which lies between the categories of agglutinative and isolating languages, which allows us to undertake this attempt. Kurdish language takes some features from the classes of agglutinative language similar to Turkish language, but with some differences that enable us to make this comparison between them, Turkish language to convey its grammatical goals resorts to suffixes without prefixes, while Kurdish language resorts to both affixes to achieve its grammatical purposes. This researcher is to compare the morphological morphemes of tense in both languages, some morphemes or grammatical tenses. At other times the tenses may be similar in both languages.


Keywords: Kurdish language, Turkish language, Morphs of tense, Past tense, Present tense.


سەڵاحەددین، هەولێر.

مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زماناسی، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی.

مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠١٤)، رێزمانی کوردی – کردار، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

مستەفا، مستەفا رەزا (٢٠١٩)، پۆلینکردنی مۆرفیمە بەندەکان لە سەر بنەمای چالاکی و سستی ئەمرۆیان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

حەمە، سەربەست قادر (٢٠١٧)، بەراوردی دو لە پۆلێنکردنەکانی کردار لە نێوان زمانی کوردی (کرمانجی ناوەراست) وفارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

Ergin, M. (1998). Türk Dil Bilgisi. İstanbul: Bayrak Yayınları.

Korkmaz, Z. (2009). TürkçesiGramari Şekil Bilgisi. Ankara: 3. Baskı. Türk Dil Kurum Yayımları.

Gencan, t.n. (1979). Dilbilgisi . Ankara: 4. Baskı. Türk Dil Kurum Yayımları.

Dağan, C. (2007). Türkçede Fiil Çekimleri Ve Arap Öğrençilere Öğretimi. İlahiyat Fakultesi Dergisi. 12:1 .

Aktaş, T ve Diğer yazarlar. (2020). Yabancılar İçin Türkçe Dilbilgisi. A1 – A2. İzmir. Dokuz Eylül ÜnıversitesiYayınları.

Deny, J. (2012). Türk Dil Bilgisi. İstanbul: Kabalcı.

Şahin, H. (2006). Türkçede Şimdiki Zaman Eklerinin Zaman Belirleyicilerle Kullanımı. U.Ü. Fan-Edebiyat Fekultesi Sosyal Bilimler Dergisi .